# شەونم

هۆنراوەی (93)

زکوی یار میآید نسیم باد نوروزی
لە کووچەی یارەوە بۆم دێ شنەی بایێکی نەورۆزی
چرای دڵ خۆش کە بەوبایە و برۆ بۆ جێژنەپیرۆزی
ئەگەر وردەت هەیە وەک گوڵ ئەتۆخوا خەرجی عەیشی کە
وەکوو قاروون مەبە سوودی نەبۆخۆی بوو نەبۆ هۆزی
شەرابێکم هەیە زۆر ساف و سۆفی عەیبی لێ دەگرێ
خودایە تۆ بەهیچ ژیرێکی بەختی بەد نەکەی رۆزی
لەکام رێ ئارەزوو پێک دێ ،لەتەرکی ئارەزووکردن
بەتەرکی ئەو کڵاوی گەورەیی تۆ لێدەدا پۆزی
لەلای جۆبارەوە قومری لەبەرچی دەگری نازانم
ئەویش خەمبارە وەک من چونکە ناڵەی دێ بە دڵسۆزی
لەدەس چوو یاری شیرینت بەتەنیا مایەوە ئەی شەم
ئەوە حوکمێکە نابێ قەت نە لێی بدوێی نەبیدۆزی
قسێکت پێ دەڵێم بەدزی،وەکوو خونچەی بپشکوو زوو
کەهەر ئەو پێنج رۆژەن زەبر و زەنگی میری نەورۆزی
لەشەرمی عیلم و زانین بۆ تەریکی کەیف و خۆشی بین
وەرە ساقی بەنازانان گەلێ چاتر دەگا رۆزی
هەرۆ بادەی وەخۆ و رەندی بکە و تەرکی ریا ئەی دڵ
لەوەی چاتر مەحاڵە هەرشتێکی تر کە وەیدۆزی
برۆ باغی لەلای بولبول هەتا رەمزی ئەوین فێربی
وەرە و لای حافزی فێری غەزەل بە شەو هەتا سۆزی

حافزی حەقیقی